کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
14-6-2007 14:54 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## هاوتات ... ڕەووز دەرگەڵەیی

بەریتانیا



ویستم تا کەمێك وەسفت بکەم
فەرهەنگی ووشەم جارڕدا
تاکە ووشەیەك هاوتات نەبوو
تا لەگەڵ تۆی هاوتا بکەم
هەر ئەنگوستیلە و دەست و پەنجەت
بەژن و باڵا و لار و لەنجەت
سینەی پڕ سێو و ئامێزی گەرمت
هەڵسو و کەوت و بزەی بەشەرمت
چاووت جەرگم دەردەکێشێ
دڵی دڵدارم وا هەزار ئاخ

هەڵدەکێشێ
هەرکات هەنگاو بە هەنگاو
بەپێشم دا ئەڕۆیی
ئاگر لە دڵی گەنجیم بەرئەدەی
زمانم لاڵ و دەستم لەرزۆك و شکاو
خۆزگەی عومرم لێ وون ئەکەی
هەناسەکەم لێم ببورە گەر جار بە جار
دڵشکاوت بکەم
من ئاوارە و بێ ماڵ و جێم
لە بێ تۆی نان و فرمێسك ئەخۆم
منیش ئەمرم گەر ڕازی دڵی خۆم
ئاراستەی دڵڕەقێکی وەك تۆی نەکەم

Rawaz_faris@hotmail. co. uk

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.